




نوری بێخاڵی

# روانینێکی‌تر بۆ باڵاکردن

(١)

لە گۆشەی ئەمجارەدا بڕیارم دابوو، قسەیەك لەمەر هاوكێشەی پەیوەندی نێوان (دیموكراسی – ئازادی – بەرپرسیارێتی) بكەم، بەڵام دیارە ساڵیادی دەرچوونی كوێستان بیری بە ئاقارێكی دیكەدا بردم، بۆ ئەوەی دەرفەتەكە بقۆزمەوە و ئەگەر بە خێراییش بێت، قسەیەك لەسەر دیرۆك و ئەزموونی رۆژنامەگەری دەڤەرەكەمان بكەم، لەبەر ئەوە، تەوەری یەكەمیان هەڵدەگرم بۆ دەرفەت و گۆشەیەكی دی.

(٢)

لە (زاری كرمانجی) حوزنی، بۆ (كوردستانی) عەلی مەكتەبە و سەبری ئەفەندی و (بەرەو رووناكی) نەژادی عەزیز و سورمێ و ئازد جوندیانی و گەنجانی تر، تا (قەڵا) ی حوسێن و حەسەن و ڕێناس مستەفا و عەبدولواحید محەمەد و لوقمان حەسەن و ئاكۆ ئاكۆیی و توانا ئەحمەد و (پەرەسێلكەی) هەڵگورد عەبدولوەهاب و گۆڤارەكانی (زۆزك)ی ئازاد سرێشمەیی و قادر حەسەن و حەمەی حاجی كەریم و (رواندز)ی سەدیق سەعید و عەبدولواحید و بەندە و (نوێ)ی محمد حاجی كەریم و نورەدین سەعید وەیسی و ئاكۆ محمد و بەندە و هێمن مەلا عەبدوللا و بڵاوكراوەكانی (كۆرەك)ی گەنجانی رواندز لە زانكۆ و پەیمانگاكانی هەولێر و (نەورۆز)ی یەكێتی نەتەوەیی و (خەرەند)ی رزگار رەسول و برادەرانی و (رواندزی نوێ) حزبی شیوعی و (چاند)ی ناوەندی رۆشنبیری سۆران و (سۆما)ی ئیسماعیل ئیبراهیم و برادەرانی و (هەڵگورد)ی دەڤەری باڵەكایەتی و بڵاوكراوە قوتابی و خوێندكارییەكانی ناوچەكە، تا دەگاتە هەفتەنامەی (زاری كرمانجی) و گۆڤاری (كۆوار)ی ئەمرۆی دەزگای زاری كرمانجی و گۆڤاری (كوێستان)ی بەردەستتان، هەموو ئەوانە و چەندین هەوڵی دیكە (كە بەداوای لێبوردنەوە لەوان و خاوەنەكانیان زاكیرەم هیلاكی كردم لە ناوبردنیان)، هەموویان بەیەكەوە رۆشنایی زیاتری روونكردنەوەی كوێرە رێگاكانی ئەو كاروانە دوور ودرێژەی دیرۆكی رۆژنامەگەری ناوچەكەمانن.

(٣)

بۆیەشە كە باس لە مێژووی رۆژنامەگەری كوردی دەكرێ، دەڤەری سۆران بە گشتی و دروستتر وبەتایبەتی رواندز وێستگەیەكی گرنگی نێو ئەو دیرۆكەیە، كە بەبێ باسكردن و ناوبردنیان، مێژووەكە كورتی دێنێ، ئەو مێژووەی (حوزنی) بەردی بناغەكەی دانا و گەشەی پێدا و بەدوای ئەویش و تا بە ئەمرۆ دەگات و بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی ناوچەكە بەردەوامی پێدراوە، ئیدی باش خراپ، ئەوە دواجار ئایندە بڕیار لەسەر چییەتی و ماهیەت و رۆڵ و كاریگەری بەردەوامی ئەو كاروانە و رێبوارانی دەدات.

(٤)

پاولۆ كۆیلیۆ دەڵێ " پێویست ناكا مرۆڤ سەركەوێتە سەر كێوێك، بۆ ئەوەی تێبگات و بەوانی دی بڵێ، كە بڵندە"، ئەو قسەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە، تا بە ستافی كوێستان و خۆشمان بڵێم، باڵای قەڵەمەكانی ئێمە لە نێو كاروانەكەدا دیارە و پێویستە وەك هەین خۆمان ببینین و بخوێنینەوە، گرنگ نییە لە نێو پرۆسەكە و لە ئاستی چەندێتی و چۆنێتی دوێنێدا چیمان كردووە و چۆن بووین، بەقەد ئەوەی گرنگە بۆ ئایندە نەهێڵین ئەو باڵاكردنەمان چۆك بدات و بچەمێتەوە وبە شوێن ئەو فاكتەر و زەمینە و میكانیزمانەدا بگەرێین، كە بە هۆیانەوە دەتوانین كەموكوری و خەوشەكانمان ببینین و هەوڵی جددیتر بدەین، بۆ نوێكردنەوە و گەشەپێدان و بەردەوامی پێدانی خەونەكانمان و پەیامەكە بگەیەنینە دەستی نەوەیەكی تەندروست و هوشیار، كە بەها و نرخی كار و بەرهەم و بەخششەكانی لەلادا مەزن بێ و بە دڵسۆزیەوە، كۆشش بكات بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنیان.

(٥)

حەزرەتی سلێمان دەڵێ " باشترە سەوزە خواردن لەو شوێنەی خۆشەویستی لێیە، لە خواردنی گۆشتی گایەكی قەڵەو، لە شوێنێكدا كە رقی لەگەڵ دابێت"، لەبەر ئەوە خاڵێكی گرنگ لەو پرۆسەیەدا ئەوەیە، كە لە پشتی زۆرێك لەو هەوڵانەی ئێمە، جۆرێك لە عیشق و لە خۆبوردوویی و خۆبەخشی هەبووە و هەیە و لە میانیدا بەدوای خوانێك گەڕاوین، كە لەسەریدا لە بەری خۆشەویستی و هاوكاری ئەوانی تر بخۆین، چونكە دڵنیام لە زاكیرە و بیركردنەوە و دۆنیابینی زۆرێكمان، دۆزینەوە و گەیشتن بەو ترۆپكی خۆشوویستنە هەبووە، نەك لە خۆباییبوون و نازكردن بەسەر ئەوانی دی و حەزی غرور و باڵاكردنێكی ریاكارانە، كە پێویستە هەر واش بمێنینەوە و درێژە بە كار و كۆششەكانمان بدەین، لە تەكیشیدا هەوڵی زیاتر بدەین بۆ جوانتركردن و گەشەپێدانی كارەكانمان لە ئاستی ناوەرۆك و پەیامدا، پەیامێك دوور لە جوغزی تەسكی جوانیكوژی ئایدیۆلۆژی و بۆتەی رزیوی ناوچەگەرێتی و خەونی پووچی ئەنانیەت و خودپەرستی، پەیامێك لە شوێنی هەر سەنگەرێكی شوومی براكوژی، نەمامێكی گەشی تەبایی و بەیەكەوەژیان و لە جیاتی هەر بێزارییەكی بێمانا لە نیشتمان، گوڵێكی ئینتما و باوەشكردن بە نیشتماندا لە ناخی نەوەكانمان برووێنین.